# کێشەی کاریکاتوری محمد و ئازادی ڕادەربرین

**ئاسۆ کمال**

بڵاوکردنەوەی چەند کارکاتۆرێك لەسەر محمدی پەیامبەری ئیسلام کراوەتە کێشەیەکی سیاسی لەنیوان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپادا. لەم چەند ساڵەدا دوای تیرۆری ڤان کوخ لەلایەن ئیسلامیەکانەوە لە هولەندا کە کورتە فلیمیکی لەسەر ڕأستیەکانی وەزعی ژنان لە سایەی ئیسلامدا دەرکرد ،ئەمە دووەمین کێشەیە لەنیوان ئیسلام و ئازادی ڕادەربرێندا لە ئەوروپا. فراوانی ئەمجارەی کێشەکە لەوەوە نیە کە کاریکاتۆری محمد کێشراوە لەپاڵ 10 پەیامبەری تردا و موسوڵمانان بۆ موقەدەساتی خۆیان ئامادەی تیرۆر و کوشتارن و دەبێت ئەم حەساسیەتەی فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی موسوڵمان لەلایەن غەربەوە دەرك بکرێت. دەلیلی ئەم قسەیە بەسادەیی لەبەرئەوەی دەیان کتێبی ڕەخنە لەسەر محمد و چەند ژنەی و لەشەریعەتی ئیسلام لە ڕۆژهەلاتدا نوسراوە و هەیە ،وە ئەمە یەکەم جار نیە تابۆی موقەدەساتی ئیسلام لەلایەن کەسانی ئاتەئیست و سکۆلارەوە بشکێت و کاریکاتۆر لەسەر محمد لەژیانی ئاسایی خەلك لەرۆژهەلاتدا ،ئەگەر ئیسلامی سیاسی ئیحساساتی خەڵك نەوروژێنێت، بە هێندەی کاریکاتۆر لەسەر مەسیح وعیسا و بوزا و ئەوانی تر خەڵکی دیندار دەجولێنێت. ئیسلامی سیاسی بۆ فشارهێنان بۆ وولاتانی ئەوروپا تا جێگای ئەو وەك دەسەلاتدارێکی ناوچەی عەرەبی وئیسلامی لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا بسەلمێنن و لەم ڕێگایەوە ڕەصیدی سیاسی خۆی زیادبکات و بەهەڵخراندنی ئیحساساتی دینی خەڵکیان لە وولاتانی عەرەبی و پاکستان و لە دەرەوە هێناوەتە مەیدان. لەلایەکی تریشەوە دەوڵەتە عەرەبیەکان بۆ ڕێگرتن لە قۆستنەوەی ئەم فرسەتە لەلایەن ئیسلامی سیاسی یەوە و کۆنەبونەوەی خەڵك بەدەوریاندا خۆی فشاری بۆ دانیمارك و ولاتانی ئەوروپی هێناوە کە داوای لێبوردن لە موسوڵمانان بکەن لەسەر بڵاوبونەوەی ئەو کاریکاتۆرانەی محمد.

تەفسیری ئیسلامیەکان ،بەدەوڵەت و بزوتنەوە و حزبەکانیەوە، بۆ ئەم هێرشە بۆ سەر ئازادی ڕادەربڕین ئەوەیە کە محمد موقەدەساتی موسوڵمانانە و نابێت هیچ وێنە و کاریکارتۆرێك و هیچ قسەیەك لەسەر کارو قورئان و هیچ شتێکی بکرێت. ئەم پێوەرە کە محمد و ئیسلام موقەدەساتێکە نابێت هیچ ڕەخنەی لێبگیرێت و ڕوی ڕاستەقینەی دەربخرێت، هەمان پێوەرە کە کەنیسا و دەسەڵاتی مەسیحی لەچاخەکانی ناوەڕاستدا دژ بەئازادی ڕادەربڕین و زانست پەیڕەویان دەکرد و ڕەخنەگران و نەیارانی خۆیانیان دەسوتاند یان سەرکوتیان دەکرد. ئەم پێوەرە ئیسلامیانەی ئێستاش ڕەنگدانەوەی دەسەلات و فشاری کۆنەپەرستانەی ئیسلامیەکان و دەسەڵاتی شەریعەتی ئیسلامیە کە دەیانەوێت نەك هەر لە وولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ،کە بەزۆری سەرکوت سەپاندویانە ، بەڵکو دەیانەوێت ئەمڕۆ لەئاستی جیهاندا دژایەتی ئیسلام و کۆنەپەرستی ئیسلامی قەدەبکەن و دینی ئیسلام وەك یاسای ئەزەلی و ئەبەدی بیهیلنەوە.

ئازادی ڕادەربڕین دەستکەوتی شۆڕش و ڕاپەڕینی فکری و سیاسی چەند سەدەی ئینسانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی ئەوروپایە دژی کۆنەپەرستی دینی ،ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی بە هەڕەشەی تیرۆریستی و بەبانگەوازی مقاتەعە و بایکۆتی بازرگانی دەیەوێت ئەم دەستکەوتە لە کۆمەڵگای سکۆلاری ئەوروپیدا بسڕێتەوە. هەربۆیە پاشکەکشەکردن بەم ئازادی ڕادەربڕینە بەرامبەر بە محمد و ئیسلام تەنها ڕوبەڕوی گۆڤارێکی دانمارکی و تەنانەت حکومەتی ڕاستڕەوی دانمارك نیە بەڵکو پاشەکشەیە بە خودی ئازادی ڕادەربڕین لە ئەوروپا ودنیادا بەرامبەر بە ئیسلام و شەریعەتی کۆنەپەرستانەی . ئەمە سەرکوتی هەر دەنگێکی ناڕازیە بەرامبەر بە دەسەلاتی ئیسلامیەکان و دەولەتانی سەرکوتگەری ڕۆژهەلاتی ناوەراست کە ژیانی خەڵکیان کردۆتە دۆزەخ و بەم موقەدەساتە کۆنەپەرستانەیە دەسەلاتی سەرکوتی هەر ئازادیەکیان ڕاگرتوە.

حکومەتەکانی ئەوروپا هەرچەند نایانەوێت فشاری ئیسلامی سیاسی و دەولەتە ئیسلامی و عەرەبیەکان قبوڵ بکەن بەڵام ناشتوانن و نایانەوێت کە دیفاع لە ئازادی ڕادەربڕین بکەن. هەڵوێستی حکومەتی دانمارکی بەوەی ئەم کێشەیە بە جیاوازی فەرهەنگی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دادەنێت ، جگە لەوەی هەڵویستیکی ڕاسیستییە بەڵام لەهەمان کاتدا بەدەستەوەگرتنی نسبیەتی فەرهەنگی بۆ ڕەسمیەتدان بە هەموو ئەو تاوانانە کە بەرامبەر بە ئازادی ڕادەربڕین دەکرێ لەلایەن ئیسلامیەکانەوە ،نەك هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکو بەرامبەر بە هاوڵاتیانی دانمارکی وئەوروپیش. لەبەریتانیاش دەوڵەت و میدیا ڕەخنەگرتن لە ئیسلام و کاریکاتۆری محمد هاوشانی ڕق و کینەی ڕاسیستەکانی حزبی ناسیونالیستی بەریتانیا دادەنێن و وێنەی هەردوو ڕوداوەکە لەپاڵ یەکترا لەڕۆژنامەکاندا بڵاودەکەنەوە و قانونی دژایەتی کردنی کینە بەرامبەر بەدین لەپەرلەمان دەخەنە ڕوو. بەمەش لە جیاتی ئەوەی دیفاع لە ئازادی ڕادەربڕین بکەن ، دەکەونە پاراستنی ئەو تابۆیانەی ئیسلامی سیاسی و ئیسلام وخوارفەی دینی بەزۆر دەیهێڵێتەوە و ئینسانیەت مەحروم دەکەن لەوەی لە دەستیان ڕزگاریبێت. بەم شێوەیە ئەم حکومەتانە نیشانی دەدەن کە هەولی بەرتەسکردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین دەکەن لەپێناو ڕازیکردنی ئیسلامی سیاسی و دەولەتە کۆنەپەرستەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست و هیچ کێشەیەکی بنەڕەتیان لەبەرامبەر هێرش و سەرکوتی ئازادی ڕادەربرین نیە لەلایەن ئیسلامەوە لە جەرگەی ئەوروپاشدا.

هەربۆیە ئەمڕۆ بەرەی ئازادیخوازی دنیا دەبێت لەم کێشەیەدا بۆ ئازادی ڕادەربڕین بتوانێت هەڵویستی پەیگیرانەی خۆی لە ئازادی ڕادەربڕین نیشان بدات.لەلایەك ڕێگە نەدات ئیسلامی سیاسی ئەم پاشەکشەیە بە ئازادی ڕادەربڕین لە ئەوروپادا بسەپێنێت و لەلایەکی تریشەوە ڕێگە نەدات

بەسنوردارکردنی ئازادی ڕەخنەگرتن لە هەر دینێك و لە ئیسلام بەتایبەت کە ملیاردەها ئینسان لەسەرتاسەری دنیادا بەدەستیەوە دەناڵێنیٚ. کۆتایی هێنان بە دەسەلاتی ئیسلامیەکان بۆ هەڵخراندنی ئیحساساتی خەڵکانی موسوڵمان لە کۆتایی هێنان بەو هەلومەرجە ئابوری و سیاسیە سەخت و داخراوەدایە کە دەولەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە و زلهێزەکانی دنیا بەسەر خەڵکیاندا سەپاندوە و بوەتە زەمینەی بەسترانەوەی خەڵك بە دینەوە. ئەمڕۆ ئازادی ڕادەربڕین مافێکی جیهان داگرە و نابێت سنوری دەستکردی دەولەت و دین و میللەت بکرێتە قالبی بەرتەسك کردنەوەی ئەم مافە جیهانیە. ئەمڕۆ پارێزگاری لە ئازادی ڕادەربڕینیش ئەرکێکی جیهانی و ئەنتەرناسیونالیستی‌یە و نابێت بە ناوی کێشەی شەرق و غەرب و نسبیەتی فەرهەنگەکان و ڕێزگرتن لە موقەدەساتی "خەڵك" بەلاڕێدا ببرێت.ئەمە ئەرکی بەرەی ئازادیخواز و چەپی جیهانیە کە لەرۆژهەڵاتی ناوەراست وئەوروپا و سەراسەری دنیادا ڕێگە نەدەین ڕەخنەگران لە کۆنەپەرستی ئیسلام و ئازادی ڕادەربڕین بکرێنە قوربانی ئەم هێرشانەی ئیسلامی سیاسی. پاراستن و سەپاندنی ئازادی ڕادەربڕین لەم ڕوداوەدا دەنگی ملیۆنەها ئینسان بەرامبەر بە دەسەلاتی کۆنەپەرستانە وتیرۆریستانەی ئیسلامیەکان و شەریعەتەکەیان بەرزدەکاتەوە. ئەگەر لە جەرگەی ئەوروپادا ئازادی رادەربرین بەرامبەر بە ئیسلام و شەریعەتی چەند ژنە و تیرۆر و کوشتاری نەیارانی سیاسی پاشەکشەی پیٚ بکرێت، ئەوا ئازادی رادەربرینی ملیۆنەها ئینسان دژی دەسەلاتی کۆنەپەرستانەی ئیسلام لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا تەسلیم بە ئیعدام و تیرۆر و سەرکوت دەکەین. سەرکەوتنی ئازای رادەربرین لەم کێشەیەدا سەرکەوتنی بەرەی ئازایخوازی ئینسان دەبێت لەسەرتاسەری دنیادا بەرامبەر بەکۆنەپەرستی و شکستیشی پاشەکشە بە هەر دەنگێکی ئازادیخوازی دەبێت لە ئاستی جیهانیدا لەبەرامبەر کۆنەپەرستیدا.